# بەفر بە غەرییییەوە دەبارێ

کوڕەکان نوستوون

کوڕەکان هەریەکەیان خەون بە شتێکەوە

دەبینن

کوڕەکان

لە عەسرێکی پاییزدا

دێنەوە ماڵەوە

جانتای قوتابخانە تووڕ دەدەن و

جانتای سەفەر دەپێچنەوە

سوار قەتار دەبن و

هەر یەکەیان بۆ جێگایەکی دوور دەڕۆن

کوڕەکان شەویان بە سەردا دێ

هەر یەکە و لە حەکایەتێکدا رێ بزر دەکەن

ئەمیان بەسوار ئەسپێکی سوورەوە و

ئەویان بەسوار ئەسپێکی شین

کوڕەکان بە جیا

لای کانی و ئاوێک لا دەدەن

پێڵوو لێک دەنێن

هەر یەکەیان دوعایەک دەکا

بڕاوپڕی نیگەرانیی

دێوی سپی ئەمیان بۆ ماڵەوە دێنێتەوە و

دێوی ڕەش ئەویان بۆ جێگایەکی دوور دەبا

کوڕەکان بە حاڵ بیریان دێتەوە

کە منداڵ بوون

کەسێک لە تەنیشتیانەوە دادەنیشت

بە بۆیەی ئاویی

خەونەکانیانی ڕەنگ دەکرد

کوڕەکان ئەوەشیان بیر دێ

ئەو ڕۆژەی لە تەیارەکە دابەزین و

بۆ یەکەم جار پێیان نایە

سەر ئەرزی مەنفا،

بەفر بە غەریبییەوە دەباری

کوڕەکان

جارێک لە جاران نائومێد دەبن

دەست لە ژیان دەشۆن

ئەمیان لەمسەری دونیا دادەسەکنێ و

ئەویان لەوسەری دونیا گیر دەخوا

کوڕەکان

لەناکاوێکڕا

پێکەوە زەنگی مۆبایلەکانیان لێدەدا

پێکەوە ڕادەچڵەکن

کوڕەکان

بە جیا و لەنێو دوو حەکایەتی جودادا

عاشق دەبن

کوڕەکان ڕۆژێک لە ڕۆژان

تایەکی توند دایاندەگرێ

وەک شەقشەقە دەلەرزن

بە پەلە جانتاکانیان دەپێچنەوە و بۆ ماڵەوە دێنەوە

لە وێستگەی قەتار ... لەو هەموو تەنیاییەدا

بە ڕیز

لەسەر سەکۆیەک بە تەنیشت یەکەوە

لەناو پاییزدا دادەنیشن!

کوڕەکان

سەروو باڵێک شک دەبەن

هەندێ ئێوارە

کە هەست دەکەن گوێیان بە بانگێک دەزرنگێتەوە

باڵێک لە چەکمەجی کتێبخانەکەی باوکیان دەدزن و

بە تەنیا پیاسەیەکی ئاسمانی غەریبیی پێدەکەن

کوڕەکان هەندێ ئێوارە

کە بیری باوکیان دەکەن

لەسەر جاددە شێوەی کەسانێک دەکەن

کە ڕۆژانێک هاوڕێی بوون

بە لایاندا دەڕۆن

ورد ورد ... بە حاڵ

گوێ بۆ دڵۆپەی نەختێک شیعر هەڵدەخەن

کوڕەکان

ڕۆژانێک لە ماڵ نایەنە دەرێ

تووڕەن

کوڕەکان

لە کۆڵان ... لە عیشق ... لە نیشتمان

لە سیاسەت ...

تووڕەن!

کوڕەکان لە ئێوارە ناخۆشەکاندا

بە چاکەتێکی نیلی و

ناوی لیستێک کتێبی قەدەغەوە لە گیرفاندا

دێنەوە سەری کۆڵان

لەبەر دوکانەکەی باجی ڕێحان دا

دەیکەنەوە بە قەرەباڵخیی و

هەرا هەرا و

بە پەلە دەچنەوە نێو گێژەنی عاشق بوون !

کوڕەکان بەیانییەک سەعات نۆ

لە چایخانەکەی گەراج

بەرامبەر یەک دادەنیشن

چایەک دەخۆنەوە و جگەرەیەک دەکێشن

پاشان جانتاکانیان هەڵدەگرن

سوار پاسێکی کۆستەر دەبن

زۆر خەمگین

جامەکەی لای خۆیانەوە دەکەنەوە و

بەرەو جێگایەکی دوور دەڕۆن

کوڕەکان کە سەفەر دەکەن

لە چۆلەکەی تەڕ دەچن

کە بۆ تاوێک هەست بکەن

باڵەکانیان لە دوویان نەیەت و

هەتا ماون

نەتوانن بفڕن

جارێک لە جاران

لە سەیرانێکدا لە کوڕەکان دەپرسن

ئەرێ باوکتان بەو ناوە قورسەوە

ئیشی بەم غەریبییە چی بوو

کاتی چۆن بەسەر دەبرد

لەم سەهۆڵبەندانەدا خۆی بە چییەوە

خەریک دەکرد؟

کوڕەکان لە پێشانگاکان

لە بەردەم هۆڵی شانۆکان

لە باغەکان

لە حەوشەی پەیمانگا و زانکۆکاندا

دێن و دەچن

پڕن لە قسە

لە نائومێدیی

لە بێدەنگیی و

لە خەونێک کە ڕەنگبێ سبەی ببینن

کوڕەکان بەو هەموو حوزنەوە دەڕۆن

خۆیان دەدەنە دەم با

لە زەریا تووڕەکان دەدەن

بە شاخەکاندا سەردەکەون

دەچنە بەر ڕێژنەی باران

پاش ساڵانێکی زۆر

هیندییەکی حەکیم لە تاج مەحەل

دەستیان بۆ دەخوێنێتەوە و پاشان

بە قافڵەیەکی مێخەکدا

دەیاننێرێتەوە شارەکانی خۆیان

کوڕەکان هەندێ شەو

قوڵپ قوڵپ

بە دەم خەوەوە دەگرین

کوڕەکان بە دەم خەوەوە دەڕۆن

کوڕەکان لەخەونیاندا

خەونی ڕووناک دەبینن!

ئەپریلی 2009